# سەرنجێک بۆ ئاغای موهتەدی سەبارەت بە کۆنگرەی ئیستانبوڵ

**ناسر نەسیمی**

شە وی دووشەممە 11/5 بەرنامە ی تە وەر و گفتوگۆی کەناڵی کوردسات میوانداری ئاغای صلاحەددینی موهتەدی کرد ، منیش یەکێک لە بینەرانی ئەو بەرنامەیە بووم . تەوەری ئەم جارەی بەرنامەکە سەبارەت بە کۆنگرەکەی ئیستانبوڵ و کاریگەری ئەو کونگرەیە لەسەر بار و دۆخی ئێستای کوردستان بوو. ئاغای موهتە دی لە قسە کانیدا هە وڵیدا باسی ئە وە بکات کە کۆنگرەکە دەستکەوتی بۆ گەلی کورد نەبوو وە هۆی سەرەکیشی بە سیاسەتەکانی پەکەکە بەستەوە و بە تاوانباری یەکەمی هەڕەشەی لەشکرکێشی تورکییەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە قەڵەم دا . بە بڕوای من ئەم جورە لێکۆڵینەوانە کە یەک لایەنە دە کریت سیمایەکی واقیعی لە ڕاستی ڕووداوەکان بە جە ماوەری خە لکی کوردستان نادات و هە وڵ دەدات بە جورێکیش پاساو بۆ سیاسە تی فراوانخوازی و فاشیستی دەوڵەتی تورکیە بهێنریتە وە و ڕاستی ڕەوتی رووداوەکان لە خە ڵک بشارنە وە. لە لای هە مووان ئاشکرایە کە ئەگەر سیاسەتی پەکەکە سیاسە تێکی ناسیۆنالیزمی ئیفراتییە ئەمەش بەرهەمی سیاسەتی شۆڤینیستی و فاشیستی دەوڵەتی تورکییەیە کە خولقێنەری ڕەفتاری توند و تیژییە . بۆ لێکۆلینەوە لە سەر ئەم کۆنگرە یە پێویست بەوە دەکات لەسەر هۆیە سەرەکییەکانی بدوێین و ئامانجە سە رە کییەکانی تورکیە باس بکەین چونکە پەکەکە تە نها پاساوێک و بیانویەکە کە تورکیە لەم هەل و مەرجەدا بۆ فشار خستنە سە ر هە رێمی کوردستان بەکاری دەهێنێت .

بۆ هە ڵسەنگاندنی ئەهەمییەت و جیگا و ڕۆڵی ئەم کونگرەیە پێویستە زۆر فاکتەری نێونەتەوەیی و ناوچەیی و ناوخۆییش لە بەر چاو بگیرێت تا بتوانین هەڵسەنگاندنێکی دروست لە ئەنجامی کۆنگرەکە و زەمینە و پیویستییە سیاسی ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان بگە ین و لە ناو ئامانجە گشتییەکانی کونگرەکەدا پرسی پارتی کرێکارانی کوردستانیش چی جێگەیەکی هەیە ؟.

هەر لە دوای ڕوخانی رژیمی بە عس لە عیراقدا و دروست بوونی چەندین قەیرانی سیاسی و ئابوری و کۆمە ڵایەتی لەو وڵاتە و تێکچونی هاوسەنگی سیاسی و نیزامی لە ناوچەکەدا تورکیە و ئیران وە کو دوو دەوڵە تی بەهیز لە ناوچەکەدا کە هە ر کامیان خاوەنی ئە رتشی بەهێز و پرچەکن و بە جۆریک لە میژووی دەسەڵاتی سیاسی ناوچەکەدا دەوریان هەبووە ، بۆ وەدەستهینانی دەسەڵاتی زۆرتر ململانەیەکی زە ق و بە رچاویان هە یە . لە لایەکی ترەوە لە هەردوو وڵاتەکەشدا نەتەوەی کورد هەیە کە بە درێژایی میژوو لە قوناغە جیاوازە کاندا بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوای خویان خە باتیان کردووە و هە میشە لە لایەن ئەم دەوڵەتانەوە هەوڵی سەرکوتکردنی دراوە و لەم پەیوندەیشدا بەرژەوەندی هاوبەشیان هە یە .

دیارە هەرچە ندە بەرژە وە ندییە هاوبەشەکان زۆرن بەڵام ناکۆکی و ململانێی دەسەڵاتداریشیان لە ناوچەکەدا هەیە . جا بۆیە لەم هەل و مەرجە تایبەتیەی ئەمڕۆی عێڕاقدا کە هەست بە بۆشایی دەسەڵات دەکەن و لەم ئاڵ گۆڕەدا کە بەسەر عێراق و ناوچەکەدا دێت ، هەوڵ دەدەن کە لە داهاتوودا و لە نەخشەی سیاسی عێڕاقدا بەشێکیان دەست بکەوێت بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن و بەرەو پێشیشی ببەن . بە هۆی ئەو هەل و مەرجە لە بارەی کە بۆ تورکیا ڕەخسا چی لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییشەوە تورکیا توانی تا ڕادەیەک ئامانجەکانی خۆی بپێکێت ، لە لایەکی ترەوە بوونی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەم

دوو وڵاتە دراوسێیەدا و کاریگەریان لەسەر یەکتر بۆ خۆی دەتوانێت هۆیەکی تری دەمارگرژی دەوڵەتی تورکیا بێت کە دەیان ساڵە درێژە بە سیاسەتی شۆڤێنیستی و فاشیستی خۆی دەدات ، و بنەماکانی پەروەردەییشی هەر لەسەر ئەو دەمار گرژییە نەتەوەییەی خۆی بنیات ناوە و نەوەکانیشی لەسەر ئەو بناغەیە پێگەیاندووە هەر لەسەر ئەم عەقڵییەتە فاشیستیەیشی قانوونی ئەساسی وڵاتەکەی داناوە . دیارە کۆمەڵگەیەکیش کە بنەما پەروەردەییەکەی لەسەر پێشێلکردنی مافی بەشێک لە پێکهاتەی دانیشتوانی وڵاتەکە دامەزرابێت و بوونیان وەکو میللەتێک ئینکار دەکرێت و بوونیان وەکو میلەتێکی خاوەن ناسنامە و زمانی سەربەخۆ لە بەر چاو ناگیرێت ، ئاشکرایە کە خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافانەش هەر وەکو هەموو مافێکی ئینسانی تر شکڵ دەگرێت و ڕەوایشە . لە کۆنگرەی ئەستانبوڵدا داوا لە عێراق کرا کە یارمەتی تورکیا بدات و پێش لە (تیرۆریستان) بگرێت تا دزە نەکەنە ناو خاکی تورکیا !!! بەڕاستی لێرەدا ڕاستیەکان ئاوەژوو و چەواشە کرانەوە ، لێرەدا من لەسەر سیاسەتی پەکەکە هەر رایەکم هەبێ هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە ئەوان وەک هێزێکی چەکدار لەو ناوچەیەدا بوونەتە ئامانجێکی دەوڵەتی تورکیا و بیانوویەک بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان و داسەپاندنی فەزایەکی میلیتاری بەسەر ناوچەکەدا ، ئەوان لەگەڵ سوپای تورکیادا لە شەردان تۆمەتی تیرۆریستی بوون ناڕەوایە و دوورە لە ڕاستییەوە ، چونکە تورکیا دۆستی ستراتیجی ڕۆژئاوایە و ڕۆڵی لە هەموو پلان و بەرنامەکانی ناتۆدا هەیە و دووهەمین هێزی نیزامی ناتۆیە لەم کۆنگرەیەشدا توانی ئیمتیازاتی زیاتر بە دەست بهێنێت و بە دەستیکی پڕەوە بێتە دەرەوە . لە کۆنگرەکە باس لە پرسی پەکەکە و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا باس کرا و بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە کێشەی ڕەوای نەتەوەی کورد و چارەسەرییەکانی ئەو کێشەیە نەکرا . چونکە بە بڕوای من چارەسەری مەسەلەی کورد بە گشتی لە ئێستادا لەگەڵ قازانج و بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزدا یەک ناگرێتەوە . جا کەوایە پێویست ناکات ئاغای موهتەدی پاساو بۆ تورکیا بهێنێتەوە و پەکەکە بە تاوانبار بزانێت. و جە ماوری خە لکی کوردستان بە گشتی بە ئامانج وستراتژی ولاتانی زلهیز ببە ستیدە وە.